ئیدریس رواندزی

# لە هاوکاری کردنی هونەرمەندان جیاوازی هەیە
# من فلسێکم لە کەس وەرنەگرتووە

**شاری رواندز هەمیشە شوێنی پێگەیاندن و دەرکەوتنی هونەرمەندان بووە کە خزمەتێکی زۆریان بە گۆرانی و مۆزیک کردووە و تا ئێستاش بەردەوامن، ئیدریس رواندزیش یەکێکە لە هونەرمەندە گەنجەکانی ئەم شارە کە لەوێ فێرە سەرەتاکانی مۆزیک و گۆرانی گوتن بووە و یەکێک بووە لە قوتابییەکانی هونەرمەندی گەورە مامۆستا زرار و تا ئێستا چەندین بەرهەمی پێشکەش کردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە دیمانەیەکی کورتدا چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.**

*دیمانە/ کارزان کانەبی*



*** سەرەتای هاتنت بۆ نێو دونیای هونەری کەی بوو؟ بە رێکەوت بوو یان ئارەزوو؟**

– پێشتریش لە چەند دیمانەیەکی دیکەدا ئاماژەم پێکردووە، هەر لە منداڵییەوە زۆر خولیای گۆرانی گوتن بووم و لە زۆر بۆنە و ئاهەنگی قوتابخانەکاندا بەشداریم دەکرد بە هاوکاری هونەرمەندی گەورە مامۆستا زرار، بەڵام یەکەم بەرهەمم لە ساڵی ١٩٩٢ بەناوی (فرمێسک و زین) لە کەناڵەکان بڵاوکرایەوە.

*** بۆ پێشکەشکردنی گۆرانی، تۆ سەرەتا تێکست هەڵدەبژێری یان ئاواز یانیش بە پێچەوانەوە؟**

– من سەرەتا شیعرێک هەڵدەبژێرم کە لەگەڵ ناخی گەنجی کورد بگونجێ و دەربڕی واقعی بەسەرهات و ئەمڕۆی گەنجان و خۆشەویستان بێت، ئینجا ئاوازێکی بۆ دادەڕێژین کە لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستەکە بگونجێ تاکو بتوانین گۆرانییەکی سەرکەوتوو پێشکەش بکەین کە بە دڵی گەنجان بێت و کەمێک لە کێشەکانیان کەم بکەینەوە و دڵنەواییان بکەین.

*** چ گۆرانییەک ئیدریس رەواندزی بە جەماوەر ناساند؟**

– گۆرانی (لێک دابڕان) کە ئاواز و ئامادەکردنی موزیکی هونەرمەندی دوورە وڵات (سەنگەر ساڵەیی) دایناوە، ئەم گۆرانییە لە ساڵی ١٩٩٧ بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بۆ تەلەڤزیۆنی گوڵان کرا و بڵاوکرایەوە و وێنەگرتنیشی لەلایەن عەدنان شەریف و کاروان نانەکەلی بوو، جەماوەر پێشوازیی لێکرد و دەنگ و سەدای هەبوو و زیاتر منی بە جەماوەر ناساند.

*** ئەمڕۆی هونەری گۆرانی کوردی چۆن دەبینی؟**

– ئەگەر ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە، دەبینین ئەمڕۆی گۆرانی کوردی زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە لەلایەن تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە، هەرچەندە ئێمە هێشتان زۆرمان ماوە بگەینە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەشێوەیەکی گشتی زۆر قۆناغمان بڕیووە، بەڵام جاری وا هەیە دەبینین هەندێک بەرهەمی لاوازیش پێشکەش دەکرێت بەتایبەتی لەلایەن ڤیدیۆ کلیپەوە، هیوادارم ئەمەش چارەسەر بکرێ.

*** هیچ گۆرانیت بۆ کەسێکی دیاریکراو گوتووە؟**

– بەڵێ، بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسایی و واقیعییە کە هونەرمەند عاشق بێ تا زیاتر لەگەڵ گۆرانییەکە ئاوێتەی یەکتر بن.

*** کاری داهاتووتان چییە؟**

– بە نیازی بڵاوکردنەوەی سیدییەکم کە لە ١٠ گۆرانی پێکهاتووە، تا ئێستا پێنجیان تەواوبووە هەرچەندە دەبوایە زووتر تەواوبوایە، بەڵام پەنا بەخوا لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو تەواو دەبێ و دەگاتە بەردەستی هاووڵاتیان.

*** تا چەند تۆ هاوکاری کراوی؟**

– دیارە هاوکاری و پاڵپشتی هونەرمەندان دەکرێ، بەڵام ئەمەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر جیاوازە، خۆتان دەزانن بڵاوکردنەوەی سیدیش خەرجییەکی زۆری دەوێ، من تا ئێستا فلسێکم لە هیچ کەسێک وەرنەگرتووە، تەنیا لە گۆرانی (بانۆ) نەبێ چونکە تەنیا کلیپەکەی ١٢٠٠ دۆلاری تێچووە.

***(خەرەند) بووەتە هێمای ئەڤینداری، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکت هەیە سەبارەت بە (خەرەند)؟**

– من زۆر بە پەرۆشەوەم لە داهاتوودا تێکستێکی جوانم دەست کەون تاکو ئاوازێکی شیاوی بۆ دابنێم و پێشکەش بە (خەرەند) و عاشقانی شارەکەمی بکەم، چونکە من هەمیشە خۆم بە قەرزاری شاری پاشای گەورە دەزانم.

*** چ پەیامێکت هەیە بۆ هەوادارانی خۆت؟**

– تا ماوم خۆم بە خزمەتکاری هەموو جەماوەرەکەم دەزانم و تا ماویشم و لە توانامدا هەبێت لە گۆرانییەکانی خۆمیان بێبەش ناکەم.

*** رات چییە بەرامبەر بەم هونەرمەندانە؟**

– هەردی سەلاح: گەنجێکی رۆح سوکە و خاوەن دەنگێکی ناسک و بە سۆزە، ئەکادیمیانە گۆرانی دەچڕێ، هاوڕێیەکی خۆشەویستمە.

– زەکەریا عەبدوڵڵا: شۆڕشێکی هونەری بەرپاکرد، یەکێکە لە شارەزاکانی گۆرانی کوردی، خاوەن دەنگێکی بە سۆزە.

– زیاد ئەسعەد: خەریکە دەبێتە قوتابخانەی گۆرانی کوردی، دەنگێکی زۆر غەریب و ناسکی هەیە، زۆر کارم تێدەکات.

– دڵنیا رەزاری: سەرەتایەکی باشی دەستپێکرد هیوادارم سەرکەوتوو بێ، بەڵام زۆر ماوە بگاتە ئاستی دەنگی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (مەرزیە فەریقی).